# له ئوم وەرەقە کچی عبدالله کوڕی حارسی ئەنسارِیەوە دەڵێت: قورئانی لەبەرکردبوو، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیکرد کە پێشنوێژی بکات بۆ خێزانەکەی (لە ئافرەتان) لە ماڵەوە

لە ئوم وەرەقە کچی عبدالله کوڕی حارسی ئەنسارِیەوە دەڵێت: «قورئانی لەبەرکردبوو، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیکرد کە پێشنوێژی بکات بۆ خێزانەکەی (لە ئافرەتان) لە ماڵەوە».
[حەسەنە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئوم وەرەقەی ئەنسارِی -ڕەزای خوای لێبێت- هەموو قورئانی لەبەرکردبوو، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیکرد کە پێشنوێژی بکات بۆ خێزانەکەی (لە ئافرەتان) لە ماڵەوە لە هەر پێنج نوێژە فەرزەکەدا، بۆیە هەر لە ماڵەوە یەکێک لە ئافرەتان بانگی دەدا وقامەت دەکرا، وپێشنوێژی دەکرد بۆ ئافرەتان لە ماڵەوەیان، ولە گێڕانەوەیەکی (الدارقطني)دا: (وتؤم نِسَاءها) واتە: (پێشنوێژی دەکرد بۆ ئافرەتان)، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە نابێت ئافرەت پێشنوێژی بکات بۆ ڕەگەزی نێر بەڵکو تەنها پێشنوێژی دەکات بۆ ڕەگەزی مێ.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11307

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee